# ناکۆکی بووه بەهۆی بچڕاندی صیلەی ڕەحم

## ﴿خلافات أدت إلى قطيعة الرحم﴾

[ كردي – کوردی – kurdish ]

**وەرگێران : عەبدولسەلام موحەمەد پشدەری**

**پێداچوونەوە : پشتیوان سابیر عەزیز**

2010 – 1431

islamhouse.com

# ﴿خلافات أدت إلى قطيعة الرحم﴾

باللغة الكردية

ترجمة : عبدالسلام محمد بشدري

مراجعة : بشتيوان صابر عزيز

2010 – 1431

islamhouse.com

# ناكۆكی بووە بەهۆی بچڕاندی صیلەی ڕەحم

**پرسیار :** هەندێك ناكۆكی خێزانی بوو بەهۆی بچڕاندنی صیلەی ڕەحم لەنێوان باوكم وپوورمدا، ئایا لەم كارەدا هیچ گوناهـ وتاوانێك هەیە ؟ لەكاتێكدا پوورم لە لایەنی خۆیەوە صلەی ڕەحمی لەگەڵ ئێمەدا نەبچڕاندوە وئەو هەر سەردانی ئێمە دەكات ؟

**وەڵام :** بێگومان بچڕاندنی صیلەی ڕەحم لە گوناهە گەورەكانە، چونكە كۆمەڵێكی زۆر لە ئایەتەكانی قورئانی پیرۆز و فەرموودەكانی پێغەمبەری خوا ( صلى الله عليه وسلم ) فەرمانیان كردوە بە بەجێهێنانی صیلەی ڕەحم ، ئەمەش بەڵگەیە لەسەر گەورەی و بەهەند وەرگرتنی ئەم مەسئەلە لەئاینی پیرۆزی ئیسلامدا، و یەكێكیش لە مەقاصد ومەبەستەكانی شەریعەتی ئیسلام بریتی یە لە چاندنی ڕۆحی خۆشەویستی لەنێوان خەڵیك وپاراستنی پەیوەندی برایەتی وصیلەی ڕەحم، خوای گەورە لەم بارەیەوە فەرموویەتی : ( **وَالَّذِينَ يَصِلُونَ مَا أَمَرَ اللَّهُ بِهِ أَنْ يُوصَلَ وَيَخْشَوْنَ رَبَّهُمْ وَيَخَافُونَ سُوءَ الْحِسَابِ** ) { الرعد : 21 } واتە : باوەڕداران ئەوانەن كە هەرچی خوا فەرمانی بە گەیاندنی داوە دەیگەیەنن ( لەبەجێهێنانی گەیاندنی صیلەی ڕەحم ) و بەدڵ لە پەروەردگاریان دەترسن (نەوەكو لێیان برەنجێت) و لە لێپرسینەوە و حسابی توند و تیژی قیامەتیش سڵ دەكەنەوە.

كۆمەڵێك فەرموودەی زۆرێش هاتووە لەسونەتی پێغەمبەری خوا ( صلى الله عليه وسلم ) كە هەڕەشەی زۆر توند دەكات لەو كەسانەی كە صیلەی ڕەحم دەبچڕێنن .

لە ئەبو هورەیرەوە ( خوای لێ ڕازی بێت ) دەگێڕێتەوە كە پێغەمبەری خوا (صلى الله عليه وسلم ) فەرموویەتی : (**إن** الله خلق الخلق ، **حتى إذا فرغ من خلقه ، قالت الرحم : هذا مقام العائذ بك من القطيعة ، قال : نعم ، أما ترضين أن أصل من وصلك ، وأقطع من قطعك ؟ قالت : بلى يا رب ، قال : فهو لك . قال رسول** الله **صلى**الله **عليه وسلم : فاقرؤوا إن شئتم : [ فهل عسيتم إن توليتم أن تفسدوا في الأرض وتقطعوا أرحامكم ] { رواه البخاري رقم الحديث 5978 / ومسلم رقم الحديث 2554 ]** واتە : بێگومان خوای گەورە مەخلوقاتی دروست كرد تا ئەو كاتەی لێبویەوە لێیان، ڕەحم بەخوای گەورەی ووت : ئەمە جێگای ئەو كەسەیە كە كە پەنات پێ دەگرێت لە بچڕاندنی صیلەی ڕەحم، ئەویش فەرمووی : بەڵێ ، ئایا ڕازی نابیت كە هەركەس صیلەی ڕەحمی لەگەڵدا بەجێهێنایت منیش لەگەڵیدا بەجێ بهێنم – واتە ڕەحمی پێ بكەم – وە هەركەسیش قەطعی كردیت وبچڕاندیتی منیش صیلەی ڕەحمی خۆمی لەگەڵدا ببچڕێنم، ئەویش لەوەڵامدا ووتی : بەڵێ ئەی پەروەردگار ڕازی دەبم، خوای گەورەش فەرمووی : ئەمە بۆتۆ بێت، لەپاشان پێغەمبەری خوا ( صلى الله عليه وسلم ) فەرمووی ئەگەر وویستتان ئەم ئایەتە بخوێننەوە : **( فَهَلْ عَسَيْتُمْ إِنْ تَوَلَّيْتُمْ أَنْ تُفْسِدُوا فِي الْأَرْضِ وَتُقَطِّعُوا أَرْحَامَكُمْ )** محمد 22، واتە : ئایا ئێوە بەتەمان ئەگەر لەغەزا پشت هەڵبكەن یاخود دەسەڵاتتان كەوتەدەست، تۆوی ئاژاوەو فەساد و تاوان لەزەودا بچێنن و هەرچی پەیوەندی خزمایەتی و صیلەی ڕەحم هەیە بیپچڕێنن و لەناوی بەرن ؟! .

جا ئەگەر سەرنج بدەین ئەوەی دەبێتە هۆی بچڕاندنی صیلەی ڕەحم لەنێوان خزمان وكەسە نزیكەكاندا هەر هەموو هۆكاری تەماح وخۆشەویستی ئەو دونیایە كە سەرەنجامی هەر نەمان و تیاچوونە و لای خوای گەورەش لەڕۆژی دوایدا هیچ سوود

وگرنگیەكی نیە، یان بەهۆی ئەوەی شەیتانی نەفرین لێكراوە چووتە نێوانیان و لەخشتەی بردوون، و تۆی دووبەرەكی و دوژمنایەتی لەنێواندا چاندون كە هەمووبشی لەسەر هەندێك شتی بێ نرخی دونیایە كە هێندە ناهێنێت مرۆڤی باوەڕدار خزم وكەسەكانی خۆی لەسەر پەنجێنێت .

لەگەڵ ئەمەشدا شەریعەتی پیرۆزی ئیسلام فەرمانی كردوە بە بەجێگەیاندنی صیلەی ڕەحم لەهەمان كاتدا قەدەغەی كردوە لەنزیك بوونەوە لەو شتانەشی دەبنە هۆكاری نەهێشتنی صیلەی ڕەحم، هەر بۆیە دەبینین كە باوەڕداران هاندەدات هەمیشە لێ بووردە و چاوپۆشی بكەن لەهەڵە و كەم وكورتی یەكتر، لەبری ئەوەی كە بە ڕق و كینەو داخ لەدڵی ڕووبەڕووی یەكتر ببینەوە، كە هەموو ئەمانە ڕێگا بۆ هاتنە ژوورەوەی شەیتان خۆش دەكەن كە دەبێت هۆی عاجزی و دڵ زویر بوون ودووبەرەكی و حقد و حەسەد .

لەفەرموودەیكی تردا كە ئەویش هەر ئەبو هورەیرە ( خوای لێ ڕازی بێت ) دەگێڕێتەوە : **( أنَّ رَجُلًا قَالَ : يَا رَسُولَ اللَّهِ ! إِنَّ لِي قَرَابَةً أَصِلُهُمْ وَيَقْطَعُونِي ، وَأُحْسِنُ إِلَيْهِمْ وَيُسِيئُونَ إِلَيَّ ، وَأَحْلُمُ عَنْهُمْ وَيَجْهَلُونَ عَلَيَّ ؟ .**

**فَقَالَ : لَئِنْ كُنْتَ كَمَا قُلْتَ فَكَأَنَّمَا تُسِفُّهُمْ الْمَلَّ ، وَلَا يَزَالُ مَعَكَ مِنْ اللَّهِ ظَهِيرٌ عَلَيْهِمْ مَا دُمْتَ عَلَى ذَلِكَ )**{ رواه مسلم / 2558} .

واتە : پیاوێك هاتە خزمەت پێغەمبەر ( صلى الله عليه وسلم ) ووتی : ئەی پێغەمبەری خوا من كۆمەڵێك خزم وكەسوكارم هەیە، من صیلەی ڕەحمیان لەگەڵدا بەجێ دەهێنم كەچی ئەوان دەیبچڕێن، من باشم لەگەڵیاندا كەچی ئەوان خراپن لەگەل مندا، من هێندە خۆشم دەون خەویان پێوە دەبینم، كەچی ئەوان منیان ئیهمال كردوە و گوێم پێنادەن وخراپن بۆم .

پێغەمبەری خوایش ( صلى الله عليه وسلم ) لەوەڵامدا فەرمووی : ئەگەر ئابەو شێویە بیت كە ووتت، وەك ئەوە وایە تۆ خۆڵەمیشی گەرمیان دەرخوارد بدەیت، ئەگەر تۆ بەردەوام بیت لەسەر ئەو كارەی خۆت ئەوە بزانە خوای گەورە پشتیوانی تۆ ئەكات بەرامبەر ئەوان .

ئیمامي نەوەوی ( ڕەحمەتی خوای لێ بێت ) لە شەرحی ئەم فەرموودەدا دەفەرموێت : **الْمَلَّ**: واتە خۆڵەمیشی گەرم، **يجهلون** : واتە خراپن بۆم، واتاكەشی ئەوەیە : وەك ئەوە وایە خۆڵەمیشی گەرمیان دەرخوارد بدەیت، ئەمەش بۆ لەیەكچواندنی سزای ئەو كەسانەیە كە ئەمە كاریانە : كە چەندێك خۆڵەمیشی گەرم سزای كەسێك ئەدات ئەگەر دەرخواردی بدرێت بەهەمان شێوە ئەو كەسانەشی كە تۆ صیلەی ڕەحمیان لەگەڵدا بەجێ دەهێنیت كەچی ئەوان وەڵامیان نیە و صیلەی ڕەحم دەبچڕێنن بەو كارەی تۆ هێندە نارەحەت دەبن، هیچ تاوان وگوناهی ئەم كەسە چاكەكار وموحسینەش نیە بەڵكو ئەوان گوناهی گەورەیان دەگات كە بەبچڕاندی صیلەی ڕەحم لەگەل خزم و كەسەكەیاندا ئازاری دەدەن .

هەندێكی تر ئەڵێن واتای ئەم فەرموودەیە ئەوەیە : تۆ بە ئیحسان و چاكەكاری خۆت لەدڵ ودەرونی خۆیاندا سووك و ڕسوا و ڕەزیلیان دەكەیت، لەبەر زۆری چاكە و ئیحسانی تۆ لەگەڵیان و خراپی مامەڵەی ئەوان لەگەڵ تۆ .

لەفەرموودەیەكی تردا پێغەمبەری خوا ( صلى الله عليه وسلم ) دەفەرموێت : **( لَيْسَ الْوَاصِلُ بِالْمُكَافِئِ وَلَكِنْ هُوَ الَّذِي إِذَا قُطِعَتْ رَحِمُهُ وَصَلَهَا )** {رواه البخاري /5991} .

واتە : صیلەی ڕەحم بەجێهێنان بەوە نابێت ئەگەر خزم وكەس وكاری بەرامبەرت چاك بوون لەگەڵت و صیلەی ڕەحمیان بەجێهێنا تۆش چاك بیت لەگەڵیان و صیلەی ڕەحم بەجێ بهێنیت ، بەڵكو صیلەی ڕەحم بەجێهێنان بەوە دەبێت ئەگەر خزم وكەسەكەت صیلەی ڕەحمیان بچڕاند لەگەڵت ، تۆ نەیبچڕێنیت وصیلەی ڕەحمی خۆت لەگەڵیان بەجێ بهێنیت .

برای بەڕێزم ئەمە ئەو ڕەوشت و بەها جوانەیە کە ئاینی پیرۆزی ئیسلام خەڵکی بۆ بانگەواز دەکات، لەبەر ئەوە واجبە لەسەر هەموو لایەك کە ئینکاری ئەو مونکەرە بکەین کە کەسێکت یان خزمێکت صیلەی ڕەحمی بچڕاندوە لەگەڵ خوشکێکی خۆی یان لەگەڵ دایکی، بۆیە هیچ دوو دڵ نەبیت وخێرا ئاشتیان بکەرەوە ونێوانیان خۆش بکە چونکە تۆ بەم کارەت ئیحسان و چاکەیەکی زۆر گەورەت کردوە .

برای بەڕیزم دروست نیە بۆ تۆ کە صیلەی ڕەحم لەگەڵ پوورەکەت ببچڕێنیت بە بیانووی ئەوەی باوکت صیلەی ڕەحمی لەگەڵ بچراندوە، بەڵکو پێویستە لەسەرت کە تۆ صیلە ڕەحمی خۆتی لەگەڵ بەجێ بهێنیت، نەك هەر ئەوەندەش هەتا بۆت دەکرێت دەبێت هەوڵی ئەوە بدەیت جارێکی تر نێوان باوکت و پوورەکەت خۆش بکەیتەوە و هەموو هەوڵێکی خۆت بخەرە گەڕ لە پێناو ئەم کارە پیرۆزەدا ،

خوای گەورە پشت و پەنای هەموولایەکمان بێت .

سەرچاوە : ماڵپەڕی ( الإسلام سؤال وجواب ) .